# سەرۆک کۆماری عێراق داوا دەکات پەرلەمان دەنگ لەسەر پرۆژەیاسای پارێزگابوونی هەڵەبجە بدات



سەرۆک کۆماری عێراق، عەبدوللەتیف جەمال رەشید داوا دەکات پەرلەمانی عێراق دەنگ لەسەر پرۆژەیاسای دامەزراندنی پارێزگای هەڵەبجە بدات.

د. لەتیف رەشید سەرۆک کۆماری عێراق لەرێی نوسراوێکەوە کە ئاراستەی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران بە وەکالەتی کردوە، داوادەکات دەنگدان لەسەر پرۆژە یاسای دامەزراندنی پارێزگای هەڵەبجە بخرێتە خشتەی کاری ئەنجومەنەکەوە کە لە ماوەی رابردوودا ئەو پرۆژە یاسایە خوێندنەوەی یەکەم و دووەمی بۆ کراوە.